https://doi.org/10.54809/jkss.vi5.255

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# لێکدانەوەی ڕەوایەتییدان لە دیوانی مەولەوی تاوەگۆزیی دا

**م.د. مەریوان حسین فەرحان**

**بەشی کوردیی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی چەرموو، هەرێمی کوردستان- عێراق**

Marewan.husen@charmouniversity.org

## پوختە

سەید عەبدولڕەحیمی مەلا سەعیدی مەعدوومی تاوەگۆزیی، یەکێکە لە گەورەترین عارفانی کورد. مەولەوی بە هۆی توانا و لێهاتوویی لە هۆنینەوەی شیعردا، توانیویەتی واتایەکی زۆر لە قەوارەی چەند وشەیەکی کەمدا بدرکێنێت. ئەم عاریفە شوێنکەوتووی تەریقەتی نەقشبەندییە، بەم هۆیەشەوە باسی کەسایەتییە مەزنەکانی ئەو تەریقەتە ئەکات و پێیاندا هەڵئەدات و بە مردنیان غەمبار ئەبێت. هەروەها بەنیازە گوتارێکی بڕواهەڵگر بخولقێنێت، چونکە ئەگەر گوتارێک جێی متمانە نەبێت، ئەوا ئەڕووخێت و هەڵئەوەشێتەوە. بۆیە گوتارەکان بە شێوەی جۆراوجۆر بە دوای بەدەستهێنانی متمانە، یاخود ڕەوایەتییدان، تاوەکوو گوێگرەکانیان قبووڵیان بکەن و جێی متمانە بن. ئامانج لەم توێژینەوەیە، تێگەیشتن لەو بەش و ناوەڕۆک و ڕەهەندە واتاییانەیی دیوانی مەلەوی تاوەگۆزییە، کە بۆ تێگەیشتن لێیان پێویستە پەیوەندیی نێوان دەق و بەستێنە کۆمەڵایەتیی و کولتوورییەکەی لێکبدرێتەوە. لەم شێوازەدا پێداگریی زیاتر لەسەر ئەوەیە، تاوەکوو پیشان بدرێت دەقی بەردەست چۆن توانیویەتی بە هێزی قایلکەریی زمان، گوتارێک بە شەرعیی، یان ناشەرعیی بنوێنێت. هەروەها بە ئاماژەکردن بۆ ئایەتەکانی قورئان، فەرموودە، عەقڵ و بەئەفسانەکردن و ... هتد، ڕەوایەتیی بات بە قسەکانی خۆی. لە پێشەکیی دا تیشک خراوەتەسەر ڕەوایەتییدان و دییدی مەولەوی لەم بوارەدا و، لە لایەنە تیۆرییەکەشدا ئاماژە بە تیۆرەکانی شیکردنەوەی گوتار و تیۆری ڕەوایەتییدان دراوە و، لە کۆتا بەش دا دەقە شیعرییەکانی شاعیر کراوە بە کەرەستەی هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکە. پشتبەست بە هەردوو تیۆری ناوبراو، دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوە دەرخەری ئەوەیە، کە ئەم ڕەوایەتییدانە بە پلەی یەکەم لە ڕێی کەڵکوەرگرتن لە ئایەتەکانی قورئانەوە سەرچاوەی گرتووە و دوای ئەویش فەرموودەکانی پێغەمبەرە.

**وشە کلیلیەکان: ڕەوایەتییردان، مەولەوی، شیکردنەوەی گوتار، قورئان، فەرموودە.**

Recieved: 26/2/2023
Accepted: 2/5/2023

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## ١- پێشەکیی:

بەرهەمە ئەدەبییەکان لە راستییدا پوختەی بیر و ئامانجی نەتەوەکانن، کە بە درێژایی مێژوو دەوڵەمەندتر بوون، بەڵام لەم سەدەی دواییەدا، بە رادەیەک زانستە مرۆییەکانیی وەک کۆمەڵناسیی، رامیاریی و دەروونناسیی شی کراونەتەوە، ئاوڕ لە وێژە و ئەدەب نەدراوەتەوە و توێژەرانی ئەدەبیی زیاتر هەوڵی خۆیان بۆ روونکردنەوەی مانای وشەکان، لایەنەکانی رەوانبێژیی جوانکاریی، واتاناسیی و جاروباریش رێزمانی شاکارە ئەدەبییەکان تەرخان کردووە. ئەم رەوتە، وێژە تەنها لە رەهەندە ئەدەبییەکەیدا کورت ئەکاتەوە و زیاتر وەکوو دیاردەیەکی ئارەزوومەندانە دەرئەکەوێت، کە بە هەست و سۆزی کەسییەوە ئەبەسرێتەوە و ناتوانێت هەڵگری پەیامێکی مرۆیی و کۆمەڵایەتیی بێت.

بە پێی وتەی (ماکس ڤیبەر) (هەموو سیستەمێکی دەسەڵات بۆ بەدەستهێنان و پەرەپێدانی رەوایەتییدانی خۆی هەوڵ ئەدات). بێگومان زمان گرینگترین کەرەستەی ئەو هەوڵەیە (leeuwen van,٢٠٠٧: ٩١) زمان بابەتێکی کۆمەڵایەتییە، کە راستییەکان بنیات ئەنێت، (دەزگایەکە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ناسنامەکان دیاری ئەکات و لۆژیکی مەیدانە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو پەیوەندییانەی دەسەڵات، کە لە زماندا شاراوەن، دیاری ئەکات، چیی بوترێت و چیی نەوترێت) (جنکینز،١٣٩١:٢٣٤). خاڵی دەسپێکی شیکردنەوەی گوتار، هەمان فەلسەفە زمانییەکەی پێکهاتەخوازیی و پاش پێکهاتەخوازییە، واتە ئێمە لە رێگەی زمانەوە ئەگەینە راستیی. (ئێمە بە یارمەتی زمان، نواندنەوەیەک لە راستی ئەخوڵقێنین، کە بە هییچ شێوەیەک نیشاندەری واقیعی هەبوو نییە) (ماریان و لوئیز، ١٣٨٩: ٢٩).

تێگەیشتن لە زمان وەکوو دەزگایەک کە پەیڕەوی ئەو راستییە نییە، کە ئەینوێنێتەوە، ئەگەڕێتەوە بۆ زمانناسییە پێکهاتەخوازانەکەی فێردینان دی سۆسێر و ئەو باسەی کە دەربارەی پەیوەندییە دڵخوازانەکەی نێوان ئاماژەدەر و ئاماژەپێدراو (دال و مدلول) ئەیکات (هەمان سەرچاوە: ٣٠) ئەم بۆچوونە دواتر لە روانگەی کەسێکی وەک (درێدا)وە، کە ئەڵێت: (یەک ئاماژەدەر ئاماژە ناکات، بەڵکوو تەنها یەک ئاماژەپێدراو و لە ئەنجامدا کایەی بێکۆتایی ئاماژەدەرەکان یەتە ئاراوە، ئەگۆڕرێتەوە بۆ تێگەیشتنێکی رادیکاڵتر) (بڕوانە بۆ: مشیرزادە ١٣٩٣: ٢٥٨-٢٥٦).

سەید عەبدولڕەحیم ناسراو بە مەولەویی یەکێکە لە عارفە گەورەکانی وێژەی کوردیی، کەسێکە پەروەردەی نێو حوجرەکانە، بەم هۆیەشەوە ئاشناییەکی زۆری لەگەڵ زانستە ئایینییەکان و زمانی عەرەبیی و عیرفان دا هەیە.

ناسینی جوانیی و رەوانبێژیی شاکارەکانی زمان و ئەدەبیاتی کوردیی، کارێکی بەنرخ و شیاوی توێژینەوەیە. بەڵام ئەبێت ئەوەش قبوڵ بکەین، کە ناکرێت تەنها لە یەک رەهەندەوە باس لەم بەرهەمە بەنرخانە بکرێت. لە سەردەمی ئێستادا بە هۆی گەشەی بێوێنەی لقە جیاوازەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان و پەیوەندیی هاویەکیان لەگەڵ یەکتریی، پێویستە سەرەڕای رەهەندی ئەدەبیی لە روانگەی زانستەکانی ترەوە وەک کۆمەڵناسیی، تیۆلۆجیی، دەروونناسیی، سیاسیی و ... هتد. لێکبدرێتەوە، تاوەکوو پەیامە جۆراوجۆرەکانی ئەم کەلەپوورە بەشکۆیە دەربهێنرێت و، لایەنگرانی ئەدەب زیاتر چێژی لێ وەربگرن و بیرکردنەوەی رەخنەییان دەوڵەمەندتر بێت.

کەوابوو دیوانی مەولەویی تاوەگۆزیی سەرەڕای ئەوەی بەرهەمێکی ئەدەبییە، ئەتوانێت بەرهەمێکی کۆمەڵایەتیی،

سیاسـیی و ئایینییـش بێـت، کـە پوختـە و دەرهاوێشـتەی بیـروڕا باوەکانـی سـەردەمەکەیەتی و نوێنەرایەتیـی سـەردەمەکەی ئـەکات. لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا ئەتوانیـن بـە شـێوەیەکی نـوێ، چەمـک و بنەماکانـی ڕەوایەتییـدان لـە دیوانەکـەی مەولـەوی لێکبەینـەوە و دەلاقەیەکـی نـوێ بـۆ ناسینی باشـتر و بەربڵاوتـری ئـەم کتێبـە بکەینـەوە، بـۆ ئـەوەی لـە ڕواڵەتـی وشـەکان ئەولاتـر بڕۆیـن و بیـروڕای مەولـەوی زیاتـر بناسـین.

## ٢- بنەما تیۆرییەکان:

تاوەکـوو ئێسـتا پێناسـەیەکی تایبـەت و گشـتگیر بـۆ چەمکـی ڕەوایەتییـدان نەخراوەتـە ڕوو. ئەگـەر لـە زمانـی عەرەبییـەوە، یاخـود زمانـی فارسـییەوە وەریبگریـن، ئەبێـت زاراوەی شـەرعییەتدان، یاخـود مشروعیەتبەخشی پەسـەند بکەیـن. ئـەم وشـەیە لـە ڕووی زمانییـەوە وەکـوو زاراوە لـە ریشـەی "شـەرع"ەوە وەرگیـراوە و لـە زمانـی فارسـیی و عەرەبییـدا تـا ڕادەیەکـی زۆر هەڵگـری یـەک واتایـە، شـەرعیبوون لـە هەنـدێ شـوێندا بـە واتـای ڕێگەپێـدراوە بـۆ حکومڕانـی بـەکار ئەهێنرێـت. لـە زمانـی ئینگلیزییشـدا بـۆ ئـەم چەمکـە وشـەی "Legitimization" بـەکار ئەهێنرێـت، کـە بـە واتـای دروسـتیی، ڕاستەقینەبوون، ڕاسـتێتیی، یاسـاییبوون، یـان شـەرعییبوون وەرگێڕراوەتـەوە. شـەرعیبوون و یـان ڕەوایەتییـدان هەمـان بابەتـە سـەرەکییەکەیە، کـە ئاماژەیـە بـۆ ڕەزامەندیـی گشـتیی، بـۆ ئـەوەی کەسـێک، یـان گرووپێـک بگاتـە پلەیەکـی سیاسـیی.

شیکردنەوەی گوتـار بەرانبـەرە بـە زاراوەی دیسکۆرسـی ئینگلیزیـی و یەکەمیـن جـار لـە لایـەن (داریـوش ئاشـووریی) لـە گۆڤـاری (ئێـران نامـە) لـە بەهـاری سـاڵی ١٣٦٩ی هەتاویـی دا بەکارهێـنرا، بـە واتـای (وتووێـژ، دیالـۆگ، گوتـار و هاوقسـەبوون هاتـووە و پیشـاندەری زمانـە لـە دۆخـی بەکارهێنانـدا و بـۆ مەبەسـتی پەیوەندییکردنـە، دیاردەیەکـی ئاڵـۆزی کۆمەڵایەتیـی- مەعریفیـی و کولتوورییـە، کـە چۆنێتـی وەسـف و لێکدانـەوەی ئێمـە لـە دیاردەکانـی جیهـان لەقاڵـب ئـەدات و بـە پێچەوانـەی ڕێزمـان، کـە لەگـەڵ دەسـتەواژە و وشـە مامەڵـە ئـەکات، گوتـار مامەڵـە لەگـەڵ یەکەیەکـی زمانەوانیـی گەورەتـر لـە ڕستـە، واتـە دەق ئـەکات. گوتـار و زمـان پەیوەندییەکـی دوولایەنەیان هەیـە، گوتار زمـان درووسـت ئـەکات و زمانیـش گوتـار و هەردووکیـان لـە ژێـر کاریگەریـی فاکتەرەکانـی دەسـەڵات و دامـەزراوە کۆمەڵکایەتییەکانـدا پێـک یـەن) (اقـا گل زادە، ١٣٩٤: ٥٨)

لـەم بـارەوە، (تێئـۆ ڤـان لیـۆن)، کـە لـە تیۆریسـتەکانی لێکدانـەوەی ڕەخنەگرانـەی گوتـارە، گرنگیـی بـە جۆرەکانـی ڕەوایەتییـدان بـە بابەتێـک، یاخـود لێسـەندنەوەی ڕەوایەتییـدان بـە بابەتێـک ئـەدات. لـەم مۆدێلـەدا، ڕەخنەگـر هەوڵئـەدات ئـەوە ڕوون بکاتـەوە، کـە ئـەو دەقـەی لێکۆڵینـەوەی لەسـەر ئەکرێـت، چـۆن توانیویەتـی بـە هێـزی قایلکـەری زمـان، گوتارێـک ڕەوا یـان نـاڕەوا نیشـان بـات. چـوار ڕێگەچـارەی ڕەوایەتییـدان (بەخشـینی قبووڵکراوەیـی) بـە گوتـار یـاوە، کـە بریتیـن لـە:

١- پێدانـی بڕسـت و ڕەوایـی، واتـە ڕەوایەتییـدان لـە ڕێگـەی ئامـاژەدان بـە داب و نەریـت، یاسـا، یاخـود لـە ڕێگـەی کەسـایەتییەکانەوە.

٢- بۆچوونی ئەخلاقیی: ڕەوایەتییدان بە ئاماژەکردن بە دەزگا ئەخلاقییەکان.

٣- عەقڵانیکـردن: ڕەوایەتییـدان لـە ڕێگـەی ئاماژەدان بـە زانسـتە کۆمەڵایەتییـەکان، کـە خوێندنەوەیەکـی مەعریفـی بـۆ بابەتـەکان ئـەکات.

٤- بەئەفسانەکردن: واتە ڕەوایەتییدان لە ڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆکەکانەوە، کە پیشانی ئەدەن، کە کاری ڕەوا شیاوی پاداشت و کاری ناڕەوا شیاوی سزایە. هەر کام لەم چوار مێتۆدە، فۆرمی جۆراوجۆرییان هەیە (حیاتی و عرەبزادە، ١٣٩٧: ١٩٦_١٩٧).

ئەگەر گوتارێک بە هەر هۆیەک لە هۆیەکان بڕواهەڵگری خۆی لەدەست بدات، لەلایەن دەنگپێدەرەکانیان، زووبەزوو ئەو گوتارە ئەڕووخێت. هەر بۆیە گوتارەکان بە شێوەی جۆراوجۆر لە هەوڵی ئەوەدان لە هەر ڕێگەیەک لە ڕێگەکانەوە ڕەوایەتییدان بەدەستبێنن، بۆ ئەوەی دەنگپێدەرکانیان وەکوو گوتارێکی ڕەوا قبووڵیان بکەن. (لیۆتار)یش بەرانبەر بە ڕەوایەتییدان (شەرعییەتدان) لە ژێر ناوی کۆدەنگیی، یاخود ئەنجامدانی کارێکدا هەڵوێست وەرئەگرێت و ئەڵێت: (هەر دوو جۆری ڕەوایەتییدانەکە، شاری خەونەکان (ئارمانشار) وێنا ئەکەن) (مارشال، ١٣٩٧: ٥٣).

ئەم چەمکە زیاتر لە بواری بەشداریی سیاسیی و یاسا و زانستە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەرجەستە ئەکرێت. لە هەمان کاتدا چونکە پەیوەندیی بە زمانەوە هەیە، ئەکرێت لە بابەتی وەهادا، کە پەیوەستە بە زمان و وتەوە بەکار بهێنرێن، بۆیە ئەکرێت بوترێت، هەرچەندە ڕەوایەتییدان بە گوتارەکان زیاتر لە بواری سیاسییدا باسی لێوە ئەکرێت، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت سیاسەتمەداران هەمیشە لە هەوڵدان بۆ بە ئەخلاقیی پیشاندانی بیروڕا و یاساکانی خۆیان بۆ ڕەوایەتییدان بە گوتارەکانیان.

## ٣- توێژینەوەکانی پێشوو:

سەرەڕای گرنگیی چەمکی ڕەوایەتییدان لە بوارە جیاوازەکان بە تایبەت لە ئەدەب دا، تاوەکوو ئێستا توێژینەوەکی زانستیی و ورد بە زمانی کوردیی بەجێ نەهێنراوە، جگە لەو توێژینەوەیەیی بەناونیشانی (مشروعیتبخشی در اشعار ملک الشعرا بهار و حاجی قادر کویی بر اساس نظریەی ون لیوون) لە گۆڤاری ( پژوهشنامه ادبیات کردی ) دا بڵاو بووەتەوە، ئەویش بە زمانی فارسی نووسراوە. بۆیە لە پێشینەی ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بۆ هیچ سەرچاوەیەکی کوردیی تایبەت بەو چەمکە نەکراوە، بەڵام لە زمانە جیاوازەکان تا ڕادەیەکی باش گرنگییان بەم باسە داوە، بۆیە ئێمەش لێرەدا ئەم چەند توێژینەوەیە ئەخەینەڕوو:

بیتهام (١٣٨٢)، لە کتێبەکەیدا (مشروعیت سازی قدرت) لە ڕوانگەی زانستە سیاسییەکان و فەلسەفەی سیاسییەوە باس لە ڕەوایەتییدان، یاخود بەشەرعیکردنی دەسەڵات ئەکات و لە ڕوانگە و ڕەهەندی نوێوە تاووتوێی ئەکات. سەرەڕای ئەوەی دەسەڵات و توخمەکانی و پێکهاتە تاکەکەسیی و کۆمەڵایەتییەکەی شرۆڤە ئەکات و ڕەهەندەکانی ڕەوایەتییدان و فاکتەرە بەدیهێنەرەکانی ئەخاتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەوە، باس لەو دۆخانە ئەکات کە ڕەوایەتییدان بەتاڵ ئەکەنەوە، یان لەناوی ئەبەن، وەک کودەتا و شۆڕش و ... هتد. لەگەڵ ئەوەشدا گرنگیی ئەدا بە نموونە واقیعیی و مێژووییەکان و بەو پێیەی کە، هەر دەستگایەک شێوازی جیاوازی بەشەرعییکردنی دەسەڵاتی هەیە، باس لە سیستەمەکانی لیبراڵ دیموکراسیی، کۆمۆنیستیی و ئیسلامیی ئەکات. نووسەر بۆ جیهانی کۆمۆنیستیی، سۆڤییەت و بۆ جیهانی ئیسلام، عەرەبستانی سعوودیەی وەکوو نموونە وەرگرتووە و لەگەڵ یەک بەراوردیان ئەکات. دوو بابەتی سەرەکیی ئەم کتێبە، پێوەرەکانی ڕەوایەتییدانی دەوڵەتی هاوچەرخە.

فیرحی، داود(١٣٩٢)،لە کتێبی ( قدرت، دانش و مشروعیت در اسلام (دوره میانه) دوای شرۆڤە و ڕوونکردنەوەی

پەیوەندیی نێوان سێ چەمکی دەسەڵات، زانست و ڕەوایەتییدان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، پێیوایە زانستی سیاسیی موسوڵمانان لە ژێر کاریگەریی پەیوەندییەکانی دەسەڵات لە سەدەکانی ناوەڕاستدایە و لە داب و نەریتی هۆزە عەرەبەکان، پاشای ئارمانیی ئێران و پاشای فەیلەسووفی یۆنانی قەرز ئەکات و، لێکدانەوەیەکی پاوانخوازانە لە دەقە ئایینییەکان ئەخاتە ڕوو. گوتاری سیاسیی موسوڵمانان یەک جار بۆ هەمیشە لە چاخی ناوەڕاست دا بەرهەم هاتووە و دواتریش بێجگە لە تێبینی شتێکی تری پێ زیاد نەکراوە. هەموو هەوڵی نووسەر ئەوەیە، کە لە ناو گوتارەکانی سەردەمی ناوەڕاست دا، مێتۆد و خوێندنەوەی پاوانخوازانە وەکوو خوێندنەوەیەکی زاڵ دابنێت، کە خوێندنەوەکانی تری خستۆتە پەراوێزەوە.

سبزیان موسی آبادی، علیرضا و سید محمد حسینی(١٣٨٩)، لە توێژینەوەیەکدا بەناونیشانی «ملاك و معیار مشروعیت از دیدگاه اسلام»، باس لە چەمکی شەرعییەت ئەکەن و ڕوونی ئەکەنەوە، دواتر لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ئەیخەنە بەر باس. شەرعییەت لە ئیسلامدا لەسەر بنەمای مافی خوا و مافی مرۆڤەکان دامەزراوە. پاش جیاکردنەوەی پێومان و پێوەری ڕەوایەتییدان، ئەگەنە ئەو ئەنجامەی، کە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، پێومانی شەرعییەت ئیلاهییە، بەڵام پێوەرەکەی مرۆڤەکانن و هەر بەم پێیەش، دەوڵەت سەرەڕای ڕێزگرتن لە مافە ئیلاهییەکان، مافی خوا بەرانبەر بە مرۆڤەکانیش (مافی خەڵک) ئەبێت وەڵامدەرەوە بێت.

پیری، محمدرضا و محمد رضا کریمی والا(١٣٩٨)، لە وتاری «مشروعیت حاکمیت از دیدگاه فقه اهل سنت»، ئەڵێن شەرعییەتی حکومڕانی لە بیری سیاسیی سوننەدا لە سەر سێ بنەمای ئیستیلا، ئیستیخلاف و ئیجماعی ئەهلی حەل و عەقدەوە دامەزراوە. لە سەردەمی هاوچەرخدا ئەم پرسیارە یەتە ئاراوە، کە لە بنەڕەتدا ئەم سێ بنەمایە تا چ ڕادەیەک هەلی ئەوە بە خەڵکی ئەیەن، لە دامەزراندنی حکومڕانییەکی ئایینیدا ڕۆڵ بگێڕن.

- فیوجی، محمد(١٣٨٢)، لە وتاری «مشروعیت و مقبولیت، تناقض یا تطابق» پێیوایە لە ماوەی مێژووی ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤدا ڕەوایەتییدان بنەماییترین و کۆنترین پرسی حکومڕانییەکان بووە و هەیە. گرینگترین پرس لە بواری ڕەوایەتییدانی سیاسیی، خوا یان جەماوەرییبوونی شەرعییەتە. لەم نووسراوەدا هەوڵدراوە چەمکە بنەڕەتییەکانی ئەم باسە لە ڕوانگەیەکی نوێوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت و خەیاڵیبوونی ئەو ناتەباییە ئاشکرا بکرێت و ئەو بابەتانەی کە لە گۆڕەپانی باس و مشتومڕ وەدەر نراون، سەرلەنوێ ڕێک بخرێنەوە.

حیاتی، زهرا و فاطمە عربزادە(١٣٩٩)، «بازخوانی باب اول بوستان سعدی با رویکرد مشروعیت بخشی در گفتمان حکومت)) لەم توێژینەوەیەدا بە میتۆدی لێکدانەوەی ڕەخنەیی گوتاری (ڤان لیوون)، جۆرەکانی ڕەوایەتییدان بە بابەتێک و ڕەوایەت لێسەندنەوەی ئەخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە، چوار ڕێگەچارەی سەرەکیی ڕەوایەتییدان بە گوتار، کە بریتیین لە پێدانی بڕست و ڕەوایی کۆمەڵایەتیی، بەهادانانی ئەخلاقیی و عەقڵانییکردن و بە ئەفسانەکردن، لەگەڵ شێوازە جیاوازەکانیان لێک ئەدرێتەوە و ڕەخنەیان لێ ئەگیرێت. هەردوو نووسەر ئەگەنە ئەو ئەنجامەی، کە «سەعدیی» لە بەشی یەکەمی «بووستان» دا بۆ ڕەوایەتییدان بە بابەتێک لە گوتار و دەوڵەت دا، یان لە وەرگرتنەوەی ڕەوایەتییدانا سوودی لە میتۆدی عەقڵانییکردن وەرگرتووە.

شیاوی ئاماژەپێدانە، زۆربەی ئەو وتار و توێژینەوانەی لە بواری ڕەوایەتییدانا بەجێ هێنراون، زیاتر پەیوەندییان بە بواری سیاسییەوە هەیە، چونکە ئەم توێژینەوەیەش لەسەر ئەو بنەمایە پێکنەهاتووە، بۆیە باسیان لێ ناکرێت.

## ٤- میتۆدی توێژینەوەکە:

میتۆدی بەجێهێنانی ئەم توێژینەوەیە پەسنی- شیکارییە، بە پێی لێکۆڵینەوە کتێبخانەییەکان بەجێ هێنراوە.

٥- لێکدانەوەی ڕەوایەتییدان لە دیوانی مەولەوی تاوەگۆزیی دا

١/٥) ڕەوایەتییدان بە گەڕانەوە بۆ ئایەتەکانی قورئان

لێکدانەوەی روانینی قورئان لەم بارەیەوە، بە پێش مەرجێک ئەکرێت، کە قورئانی پیرۆز وەکوو میساقێکی ئاسمانیی بۆ ڕێنوینیی مرۆڤ، بنەما و چوارچێوەی حکومەت لەسەر خەڵکیی دیاری کردووە، کە ڕۆڵێکی سەرەکیی لە ڕێنوێنییکرنی مرۆڤەکاندا ئەگێڕێت. (یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی ڕەوایی دەوڵەتە). (اکبری و همکاران، ١٣٩٣: ٦٨).

مەولەویی ئەڵێت:

**ئێمە گشت فانی، هەر ئەوەن باقی**

**نازوون وە بازووی پڕ نەیرووی ساقی**

**خەلاسیش دا پێت وە یەک پەیمانە**

**ئازاد بیت جە بەند بەستەی پەیمانە ( دیوانی مەولەوی،١٣٩٣: ٨١)**

مەولەویی لە سەرەتادا بە نیازە گوتارێکی ئایینی پێکبهێنێت و ئەیەوێت بە پشتبەستن بە ئایەتەکانی قورئان ڕەوایەتیی بات بە وتەکەی. لێرەدا ئاماژە بە ئایەتەکانی ٢٦ و ٢٧ی سوورەتی (الرحمان) ئەکات، بەو واتایە، کە هەموو بوونەوەران فانیی و نامێنن و تەنیا خوا ئەمێنێتەوە " كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ* وَيَبْقَى وَجْهُ رَبِّكَ ذُو الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ» (سورەتی الرحمن، ئایەتەکانی: ٢٦_٢٧)، واتە (هەر کەسێ ژینی لەسەر زەمینە، نامێنێ. هەر خوای خاوەن شکۆی بەرز و بەڕێز ئەمێنێت).

لە دەقێکی تردا مەولەوی بە گلەییکردن لە پیریی، دەست بە نووسی شیعرەکەی ئەکات و پاشان پیریی و چەمانەوەی پشتی بە بەرز و پیرۆز و پێویست ئەزانێت، هۆکاری ئەدەبیی جوان ئەهێنێتەوە بۆ چەمانەوەی پشتی و ئەڵێت: پشتم مەیل و ئارەزووی چەمانەوەی هەیە، چونکە دەرگای قیامەت بچووکە مرۆڤ ئەبێت خۆی بچەمێنێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت لەو دەرگایە بچێتە ژوورەوە، بۆ ڕەوایەتییدان بەم وتەیەی پشتی بەو ئایەتە بەستووە کە ئەفەرموێت ((وَمَن نُّعَمِّرۡهُ نُنَكِّسۡهُ فِي ٱلۡخَلۡقِۚ أَفَلَا يَعۡقِلُونَ)) (سورەتی یاسین، ئایەتی:٦٨)، واتە (هەرکەسێک تەمەنی درێژی پێ ببەخشین، ئەوا لە رووی خلەقەتەوە شکستی پێ ئەهێنین، ئایا بیرتان لەوە کردووەتەوە؟!). پاشان ئەڵێت: مەعدوومیی هەرچەندە تاوانی جۆراوجۆر و هەزار ڕەنگت هەیە، بەڵام لە ڕەحمەتی خوا نائومێد مەبە، شاعیر بۆ بێبەشنەبوونی لە بەزەیی خوا، سەرباری ئەو هەموو تاوانەی کە کردوویەتی، لە ڕێگەی ئەو ئایەتەوە شەرعییەت ئەبەخشێتە ئەو نائومێدییەی، کە خوای گەورە لە سورەتی (زمر)دا فەرموویەتی: ((لا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ)) (سورەتی الزمر، ئایەتی:٥٤)، واتە (لەدەرگای خوا نائومێد مەبە).

**پێشانیم هەوەس زانووش جازمەن**

**تەعزیم جەناب پیری لازمەن**

**باڵا کەردەوە مەیل و ئەو لای پەستی**

**وردیکلانەن دەروزەی هەستی**

**مەعدوومی کردەی بەدی هەزار تەرز**

**زانووی ئومێدت ناوەرۆ ئەو لەرز (دیوان : ١٣٧_١٣٦)**

٢/٥) رەوایەتییدان بە گەڕانەوە بۆ فەرموودەکانی پێغەمبەر

بۆ کەسێکی موسڵمان لە دوای قورئانەوە باوەڕپێکراوترین بەڵگە، بۆ شەرعییەتدان بە ئایینی ئیسلام و بەیانکردن و پەیڕەوکردنی ئایینەکە، فەرموودەکانی پێغەمبەرە (د.خ) لێ بێت، مەولەوی باوەڕی تەواوی بە فەرموودەکانی پێغەمبەر هەیە و لە زۆر شوێندا ئەیکات بە پشتیوانی خۆی و بە هۆیەوە رەوایەتیی ئەدات بە بیرۆکەکانی خۆی و ناوەڕۆکی دەقەکانی پێ دەوڵەمەند ئەکات و ئەڵێت:

**بارێ ئەگەر هەور ئەلتافی باری**

**پەی مەددەدکاری وە دڵدا باری**

**دیدەی سەر ئەر شی دیدەی سڕ کافین**

**ئێد دای مونافین ئەو دەوای شافین**

**ئێد وەزیفەی گڵ، ئەو لەتیفەی دڵ**

**ئەو چوون مەنزڵەن، ئێد بێ چوون مەنزڵ**

**ئەو بەقاش نییەن، فەناش تاقییەن**

**ئێد عەتای تاقی و باقی ولاقییەن (دیوان: _ ١٥٥)**

مەولەویی لەدەستدانی چاوەکانی بە نازونیعمەتی خوا ئەزانێت و پێیوایە ئەگەرچیی ئێستا کوێر بووم و دڵۆڤانیی خوا بارانی رەحمەتی بە سەرمدا بارانووە، زیانم لێ نەکەوتووە، هەرچەند چاوی سەرم نییە، بەڵام چاوی دڵم (بەسیرەت، ئاگایی دەروونیی) سۆمای هەیە و ئەمە بەسە بۆ من. بە تایبەت، کە چاوی دڵ سوودی زیاتری هەیە لە ئاستی چاوی سەر، چونکە بە چاوی سەر تووشی گوناح ئەبیت و سەیری شتی حەرام ئەکەیت و ئەو شتانەی کە وا ئەکەن لە مرۆڤ، بیر و یادی خوا پشتگوێ بخات و وەک دەردێکە لەگەڵ تەندروستیی و لەشساغییدا ناتەبایە، بەڵام چاوی دڵ بۆ بیرکردنەوە لە بارەی بابەتە بەسوودەکان گرنگە و چارەسەرێکە بۆ ئێشەکان. چاوی سەر، کاری ئەوەیە شتە مادییەکان ببینێت، بەڵام چاوی دڵ بە رۆحانییەتەوە خەریکە، چاوی دڵ جێگەی خوایە. هەروەها چاوی سەر فانییە و نامێنێ، بەڵام چاوی دڵ ئەگاتە خوا و هەر ئەمێنێت. لێرەدا مەولەوی لە رێگەی فەرموودەیەکی پێغەمبەرەوە رەوایەتیی داوە بە لەدەستدانی چاوەکانی، کە هەستیارترین و گرنگترین ئەندامی جەستەی مرۆڤە، ئەویش ئەو فەرموودەیەیە، کە ئەفەرموێت: "قَلبُ المُؤمِنِ عَرشُ الرَّحمنِ"، ئەگەرچیی ئەمە فەرموودەیەکی تەواو جێی باوەڕیش نییە. (جویدی، ١٣٩٣: ٨٦).

لە شوێنێکی تردا ئەڵێت:

**سفیدیت قەڵغان پەی رووی سیات بۆ**

**کەمانیت شەفیع تیر دیات بۆ (دیوان: ١٣٧)**

هیوادارم سپییەتیی پرچ و ریشت نەهێڵێت تۆ لە رۆژی قیامەتدا رووڕەش و شەرمەزار بیت و پیربوونت

(کۆمانـەوەت) ببێتـە هـۆی بینینـی حـەرام. لـەم دێـڕەدا ئامـاژەی بـەم فەرموودەیـە کـردووە کـە ئەڵێـت "النظره سـهمه المسـمومه مـن سـهام ابلیـس". (غزالـی، ١٣٩٣:١٦٨). مەولەویـی ئـەم وشـانە بـەکار ئەهێنێـت و هەوڵـئەدات سـەرنجی بەردەنگـی خـۆی بـەرەو ئـەم خاڵـە رابکێشـێت، کـە مـرۆڤ ئەبێـت خـۆی لـە حەرامـەکان بـەدوور بگرێـت، بـە کەڵکوەرگرتـن لـەم فەرمـوودەی پێغەمبـەر لـە قسـەکانیدا هەوڵیـداوە رەواییـان پـێ ببەخشـێت.
لـە کۆتاییـدا پێویسـتە بگوترێـت رەوایەتییـدان بەنیـازە، تیشـک بخاتەسـەر هەندێـک بیروبـاوەڕی بنەڕەتیـی و خاڵـە بەهێزەکانـی ئەخاتەبـەر چـاوی بەردەنـگ و پێداگریـی لەسـەر هاوبەشـبوونی ئـەو باوەڕانـەی نێـوان دەسـەڵات و خەڵـک ئـەکات. بۆچوونـی رەوایـەت لێوەرگرتنـەوە، (لـە رێگـەی جۆراوجـۆرەوە پێکهاتـەکان هەڵئەوەشـێنێتەوە. لـە لایەکـەوە پیشـانی ئەیـەن کـە بیروڕایەکـی هاوبەشـی نێـوان حاکـم و رەعیـەت نییـە و جیاوازیـی بـاوەڕی خەڵـک لەگـەڵ دەسـەڵاتدا روون ئەکاتـەوە و لـە لایەکـی تریشـەوە خـۆی رەخنـە لـەو باوەڕانـە ئەگرێـت و پیرۆزبوونیـان لـێ ئەسـتێنێتەوە). (زولفقـاری و پورمحمـدی، ١٣٩٦: ٤٤).

٣/٥) رەوایەتییدان بە گەڕانەوە بۆ بەکارهێنانی وتەی کەسایەتییە گەورەکان
مەولەویـی بـە مەبەسـتی پاڵپشـتی لـە بیروباوەڕەکانـی و نەکەوتنەبـەر تانەوتەشـەر لـە رێگـەی چەنـد کەسـایەتییەکەوە رەوایەتیـی بـە بۆچوونەکانـی داوە، لـەم روانگەیـەوە ویسـتوویەتی ئامانجەکانـی خـۆی بپێکێـت. لـە شـیعرێکیدا مەولەویـی ئەیەوێـت بڵێـت، ئەگـەر مـردم بـا گۆڕەکـەم لـە تەنیشـت مەیخانەیەکـەوە بێـت، ئەگـەر راسـتەوخۆ بـە ناوی خۆیـەوە ئـەم وەسـیەتەی بەیـان بکردایـە، ئـەوا تووشـی رەخنـەی ئایینیـی و کوولتورییـش ئەبـوو، بـەڵام مەولەویـی بـۆ رەوایەتیـدان بـەم وەسـیەتە دەقێکـی حافزیـی شـیرازی گـەورە عارفیـی نێـو ئەدەبیاتـی رۆژهەڵاتـی هێناوەتـەوە، کاتێـک ئەڵێـت: کـە مـردم لـە تەنیشـت مەیخانـەدا بمنێـژن و مـەی بەسـەر گۆڕەکەمـدا بگێـڕن، بۆیـە مەولـەوی لـەم شـیعرەدا ئەڵێـت ئەمـە وەسـیەتی حافـزە، بـۆ منیـش هەمـان کار بەجـێ بهێنـن و ئەڵێـت:

**عارفان چ خاس پەی وە حەق بەردەن**

**وەسییەت»حافز«وە جا ئاوەردەن**

**دەفنت نە پەهلووی مەیخانە کەردەن**

**وەسەر خاکت دا سەبووی مەی مەڕدەن**

**قەڵەم یاد کردار یار و ئەغیار دا**

**رەقەم کەرد تەئریخ وە رووی مەزاردا**

**جامێش نۆشاوە چون مەردان ویەرد**

**(گۆشەی مەیخانە وە زاویە کەرد) (دیوان: ٨٢)**

شـاعیر لـە دەقێکـی تـردا لـە رێگـەی وتەیەکـی خاڵـۆی کۆماسـییەوە کـە، لـە لاپـەڕە ٤٧٥ی دیوانەکەیـدا لـە یەکێـک لـە چوارینەکانیـدا هاتـووە، ئەیەوێـت رەوایـی بـە وتـەکـەی خـۆی بـدات، بـەوەی ئەگەرچیـی مـرۆڤ داماوە و عەقڵـی نییـە و ناتوانێـت لـە شـتەکان تـێ بـگات، بـەڵام مـن هـەر کات گەیشـتمە تـۆ، تێگەیشـتم کـە سـووڕی گـەردوون هەمیشـە بـە دڵـی مـرۆڤ نییـە. ئـەی فەلـەک! داد و هـاوار لـە دەسـت ئێشـی بێدەرمانـی تـۆ، ئـەی سـترانبێژ ئامـان لـە دەنگـە خۆشـەکەت (ئـەی سـترانبێژ!) بـە دەنگـی خـۆش بچریکێنـە و هۆنراوەیـەک لـە هۆنراوەکانـی خاڵـۆی کۆماسـییمان بـۆ

ئەخوێنێتەوە:

**فەڵەک داد جە دەرد بێ دەوا کەی تۆ**

**موغەننی فەریاد ئەو نەوا کەی تۆ**

**بوڵەند کەر مەقام دڵسۆز وە راسی**

**تەنزیلەش فەردگەل خاڵۆی کۆماسی:**

**رۆی وەسڵت هەر بیم ئەی رۆوە پێم بێ**

**جەو بۆنە هەر رۆ، رۆ رۆ خدێم بێ**

**ئیسە ها فەڵەک نیشان دادەن پێم**

**ترسیاگە کەی گیر ئاوەردە وێم**

**ئەمجار کێ تاقەت دووری تۆ دارۆ**

**دەک بەرق غەزەب وە جەسەم وارۆ (دیوان: ٤٧٦)**

لەم دێڕەی سەرەوەشدا مەولەویی هاوشێوەی (خاڵۆی کۆماسیی) دادوبێدادیەتی لە دەست دووریی و ڕەوایەتییدان بە دووریی و دابڕانەکەی ئەگەڕێنێتەوە بۆ خاڵۆی کۆماسیی، بەوەی لەو رۆژەوە، کە گەیشتمە لای تۆ، لەم رۆژە ئەترسام (ترسی ئەوەی کە رۆژێک ئەگات ئەبێ ماڵئاواییت لێ بکەم)، بۆیە دەنگی هاوارم بەرز کردەوە. ئێستا و بە تێپەڕبوونی کات ئەوەی نیشان دام، ئەو شتەی کە لێی ئەترسام جودایی بوو. ئەی داد و هاوار لە دەستی من، کە زۆر ترسنۆک و زۆریش داماوم. ئێستا کێ بەرگەی جیابوونەوەت ئەگرێت؟ خۆزگە لە نەبوونی تۆدا خوا غەزەبی لێ ئەگرتم.

مەولەویی لە شوێنێکی تردا و لە درێژەی شیعرێکدا جارێکی تر وتەی بێسارانی وەکوو بەڵگەیەک ئەهێنێتەوە، بۆ ڕەوایەتییدان بە غەم و مەینەتییەکەی و سوپاسی کۆماسیی ئەکات و ئەڵێت: ڕەحمەت لە قەبری ئاشقی راستگۆ و سەرچەشنەی دەرد و مەینەت، مەلا مستەفای بێسارانیی، کە وتی: دەرد و مەینەت و بێ سەر و سامانی تەنیا بۆ منە و ناتوانم خەتای کەس بگرم و دەستەوداوێنی کەسێک بم.

**های رەحمەت ئەو قەبر سەودایی کامڵ**

**سەرمەشق مەینەت ((بێساران)) مەنزڵ:**

**((یانە وێرانی هەر وە من ئامان**

**مەتاوۆ گرتەی کەسێوی دامان)) (دیوان: ٥٧٥).**

٤/٥) ڕەوایەتییدان بە گەڕانەوە بۆ داب و نەریتەکان

ئاماژەدان بەو کولتوور و نەریتانەی زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگەیەک پەسەندیان کردووە، یەکێکی ترە لە ڕێگەکانی ڕەوایەتییدان، چونکە ئەم نەریتانە بە تێپەڕبوونی کات جێگیر بوون و پێویستە خەڵکیی و کۆمەڵگە هەوڵی پاراستنیان بدەن.

بە گشتیی، دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هێزی هێماکان نەک تەنیا لە ڕێگەی کۆنترۆڵی راستەوخۆ و فیزیایی کۆمەڵگەوە، بەڵکوو لە ڕێگەی باوەڕکردن بە ڕەوایەتییدان بەجێ ئەهێنرێت. هەر بۆیە لە زۆربەی پێکهاتەکانی

مەیدان، کە بەرهەمهێنان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی بیر و باوەڕیان تیایادا بەجێ ئەهێنرێت، خولقێنەرانی دەسەڵات و وشەکان، خاوەن دەسەڵاتێکی نادیارن، کە ئەتوانن سیستەمی کۆمەڵایەتیی بپارێزن، یان بیرووخێنن و شەرعییەتیان پێ بدەن یان لێیان بسێننەوە. (ئەم دەسەڵاتە وەکوو دەسەڵاتێکی گرێدراو و دەسەڵاتێک، کە شێوەی خۆی ئەگۆڕێت، بە ئەستەم ئەکرێت بناسرێت و لێی تێبگەن). (ئۆستوار، ١٣٩٣، ٢٢). بە پێی وەها لێکدانەوەیەک، زاڵبوون و باڵادەستبوون ئەکرێت لە رەهەندە جیاوازەکان و لە تێکڕای ئاقارە کۆمەڵایەتییەکانی وەک بنەماڵە، تاک و ژینگەی پەروەردەیی و جیهانی کار و بیرۆکراسیی و میدیای مەیدانیی بەکار بهێنرێت. یەکێک لە نەریتە باوەکان لە لای عاریفان کەم خواردن و شەوبێدارییە، چونکە راز و پەنهانەکانی عاریف و عاشق لە شەودایە بۆ پەیبردن بە شاراوەکان و گەیشتن بە مەعشوق، بە هەمان شێوەی عاریفان مەولەویی لەم دەقەدا باس لە شەونخونیی و بێئارامیی خۆی ئەکات، کە چۆن تا توانیویەتی بێ ئارام و بەئاگا بێت و شەوانەی بە خواردنەوەی جامی شەرابەوە بەسەربردووە، ئەمەش بە نەریتی عاریفە موسڵمانەکان ناوئەبات و ئەڵێت:

**تا تەوانام بی شەو بێداریم کەرد**
**پەرێ نۆشای جام بێ قەراریم کەرد**
**وێت واتەن هەرکەس شەوان بێدار بۆ**
**مشێو مەست زەوق بادەی مەی خار بۆ (دیوان: ١٦٧)**

٥/٥) رەوایەتییدان بە گەڕانەوە بۆ پەند و مەتەڵ
مەولەویی لەم شیعرەیدا دەیەوێت لە رێگەی پەندێکی عەرەبییەوە رەوایەتیی ببەخشێتە خۆی و لە زمانی شووشەوە بەسەرهات و سەختییەکانی ئەڵێتەوە، بەڵام لە شوێنێکدا بە خۆی ئەڵێت: ئەی مەعدوومیی! دەرد و بەڵا بۆ هەمووانە و هەموو تووشی ئەبن و ئاماژە بەو پەندە ئەکات، کە من یەکەمین شووشەی شکاوی ئیسلام نیم، واتە لە رێی ئایین و عیرفاندا پێویستە پێداگر بیت و بەرانبەر بە سەختیی و نەهامەتییەکان پشوودرێژ بیت. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو وتە بەناوبانگەی «لست اول قاروره کسرت في الإسلام». ئەمە یەکەمین شووشە نییە، کە لە رێی ئیسلامدا شکاوە. ئەڵێت:
**مەعدوومی عامەن بەڵا و دەرد و بیم**
**ئەوەڵ قاروورەی شکستە من نیم**
**هوشیار بەر میوەی مەستی غەفڵەتەن**
**غەفڵەت سەرمایەی هەزار خەجڵەتەن**
**ها کا دەست چەرخ هەم ستێزە کەرد**
**چون من شیشەی تویچ رێزە رێزە کەرد (دیوان: ٤٧٠)**

لە شوێنێکی تردا، مەولەویی بۆ رەوایەتییدان بە عاشقبوونەکەی و ناوزەدنەکردنی بە پەیمانشکێن و بێبەڵێنبوون، بە کەسی بەرانبەر دەڵێت: لەسەر بەڵێنەکانی خۆت مێنەرەوە، جارێکی تر پەندێکی عەرەبیی ئەکاتە پاڵپشت

بۆ بابەتەکەی و شەرعیەتی پێ ئەدات، بەوەی کە دڵی شێتی من تووشی داوی زوڵفت بوو، بەڵێنی دا چییتر عاشقت نەبێت و تۆی خۆشنەوێت، بەڵام لە ناکاو کاتێك نووری روخساری تۆی بینی، بەڵێنەکە وەک شەوی لێ هات و نووری رووخسارت وەک رۆژ (واتە بەڵێنەکانی شەوی رابردووم لەبیر کردەوە). ئەمەش ئاماژەیە بۆ رستەیەکی بەناوبانگی عەرەبیی: "کلام الیل یمحوه النهار"، کە کینایە بۆ کەسێک، کە قسەی خۆی بەجێ ناهێنێت. لێرەدا مەولەویی بەنیازە بە بەردەنگ بڵێت، لەسەر بەڵێنەکانی خۆی مێنێتەوە و ئەڵێت:

**نە تۆی حەڵقەی زوڵف دڵەی شێت و وێت**

**شەرتش کەرد هەنی دڵ نەدەرۆ پێت**

**وەختێ شۆڵەی رووت ناگا دا دیار،**

**ئەو قسەی شەو بی، ئێد شۆڵەی نەهار (دیوان: ٤٩٨)**

٦/٥) رەوایەتییدان بە گەڕانەوە بۆ ئاماژە عەقڵییەکان

وا دێتە بەرچاو، کە ئەمەیان لە دیوانەکەی مەولەویدا زۆر کەمە یان هەر نییە (بە هۆی شێوازی بیرکردنەوەی نموونەیەکی گونجاو نادۆزرێتەوە)، تەنها ئەم نموونەیە نەبێت ئەویش ئاماژەدانە بە هۆشیاریی، بەوەی، کە بە هۆی مەستییەوە تووشی غەفڵەت بووە، مەولەویی زیاتر گرنگی بە بنەمای عەقڵیی ئەدات لەم شیعرەدا و هۆکاری سەرکەوتن ئەگەڕێنێتەوە بۆ بنەمای عەقڵ، شکست و دەرد و بەڵاکەشی بۆ پشتنەبەستن بە بنەما عەقڵیی و هۆشیارییەکەی و ئەڵێت:

**مەعدوومی عامەن بەڵا و دەرد و بیم**

**ئەوەڵ قاروورەی شکستە من نیم**

**هوشیار بەر میوەی مەستی غەفڵەتەن**

**غەفڵەت سەرمایەی هەزار خەجڵەتەن**

**ها کا دەست چەرخ هەم ستێزە کەرد**

**چون من شیشەی تویچ رێزە رێزە کەرد(دیوان: ٥٩٦)**

٧/٥) رەوایەتییدان بە کەسایەتییەکان

لێرەدا وەسف و باسی کەسێک ئەکات و بەم شێوەیە رەوایەتی پێ ئەبەخشێت، واتە تاکوو مرۆڤ کەسێکی قبووڵ نەبێت و باوەڕی پێی نەبێت، تایبەتمەندیی بەرچاو و دیاری ناخاتە پاڵ. کەوابوو مرۆڤ بە کەسێکدا هەڵئەدات، کە پەسەندی کردبێت. ئەگەرچیی لێرەدا لە چییرۆکی میعراجیشدا بۆ رەوایەتییدان بەو کەسایەتییە کەڵک وەرئەگرێت و وەکوو کەسێکی زانا بە زانست ئەیناسێنێت. مەولەویی کورد لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە شێخەکانی تەوێڵە پەیوەندی مورید و مورشیدیی هەبووە. لە سەرەتادا موریدی شێخ عوسمانی سیراجەدین بووە و پاش کۆچی دوایی ئەو، پەیوەندیی بە کوڕەکانیەوە ئەکات، واتە شێخ محەمەد بەهائەدین و شێخ عومەر زیائەدین و لە نامە و هۆنراوەکانیدا خۆشەویستیی خۆی بۆ ئەو کەسایەتییانە دەرئەبڕێت و ئەڵێت:

**شێخی دەوڵەمەند بەهرەی سەرمەدی**

**یاگەی حەقیقەت جیلوەی ئەحمەدی**

**جە شەو هەوارگەی فەنا ویەردە**

**پای هەردەی بەقا بە یاتاغگە کەردە**

**موتتەسیف بە وەسەف شەئنی و سیفاتی**

**موشەڕڕەف بە فەیز تەجللای زاتی**

**خەڵیفەی سەدای «ادن» شنەفتە**

**بەڵەد نە سارای ئەتوار هەفتە**

**واسیتەی راگەی بەین عیلم و عەین**

**ساحیب جناحەین یەعنی«زی النورین»**

**پیری پاک جە گەرد خاکی ناسووتی**

**مەنزڵگەی سەربەرز سەر مەلەکووتی**

**دڵ وە نەوای بەزم جەبەرووت ئاوا**

**سێراو سەراو لاهووتی ماوا ... (دیوان:٣٤٦_٣٤٧)**

بە پێی راڤەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، مەولەویی ئەم شیعرەی وەکوو وەڵامێک بۆ شێخ سیراجەدین نووسیوە (کاتێک، کە شێخ سیراجەدین گلەیی لە مەولەویی ئەکات، کە بۆچیی نامەیەکی بۆ نانووسێت) مەولەویی ئەڵێت: ئەی ئەو شێخەی، کە زانست و زانیاریی زۆرت هەیە و لەم بوارەدا دەوڵەمەندیی، ئەی ئەو کەسەی، کە جیلوەی نووری پێغەمبەرت تێدا دیارە! ئەی ئەو شێخەی وازت لە دونیا هێناوە و لە جیهانی نەمرییدا ھێنەوە و شوێنێکت بۆ خۆت هەڵبژاردووە! ئەی شێخ، ئەی ئەو کەسەی سیفەتی زاتیی و ناوەکییت هەیە و شوێنی دەرکەوتن و درەوشانەوەی نووری خواییت! ئەی شێخ ئەی، کە خەڵیفەی پێغەمبەریت و حەوت زانای حەوت وڵاتیی عیرفانیت!

لە بەیتی پێنجەمدا، شێخ وەکوو نێوبژیوانی زانست (شەریعەت) و راستەقینە (تەریقەت)ی هەبوون (زانستەکانی رواڵەت و دەروون) ئەزانێت و لە درێژەدا ئەم دوو زانستە وەکوو دوو نوور ئەناسێنێت. ئەگەرچیی پێویستە بزانین ناوی مەمدووح عوسمانە و زولنوورەین نازناوی حەزرەتی عوسمانە. لە راستیدا مەولەویی زانستی شەریعەت و تەریقەت بە دوو نووری شێخ عوسمان ئەزانێت. ئەی ئەو پیرەی، کە گەرد و تۆزی جیهانی مرۆڤەکانت لێ نەنیشتووە (کاروبار و ماڵی دنیا گیرۆدەی نەکردووی) و لە جیهانی باڵادا پێگەیەکت بۆ خۆت پێکهێناوە! ئەی ئەو شێخەی، کە دڵت بە چریکەی بەزمی خواوە ئاوەدانە و کانیی مەعریفەی خوات کردووە بە داڵدە و پەناگایی خۆت و لێی تێراوبوویت!

شایانی باسە، مەولەویی لە سەرەتای شیعرەکەیدا بە پێداهەڵگوتن بە شێخ عوسمان و هەڵبژاردنی تایبەتمەندییەک وەک زانا و خەلیفەی پێغەمبەر (د.خ)، جیلوەدەری نووری خوا، زانای شەریعەت و تەریقەت و پاشان زولنوورەین بوون، ئەیەوێت رەوایی بداتە شێخ عوسمان و ستایشی ئەکات و پلەوپایەی بەرز ئەکاتەوە، بەم شێوەیە ئەو هەڵوێستەی مەولەویی بەرانبەر بە شێخ عوسمان سەرنجی خوێنەر رائەکێشێت و هەست بە خۆشەویستیی بەرامبەر شێخ ئەکات و روانگەیەکی ئەرێنی لە ناخیدا پێکدێت.

ئاوڕدانـەوەی (ڤـان دایـک) لـە چـوار بنەمـای چوارگۆشـەی ئایدیۆلۆژیـک، شـیاوی تێڕامانـە. ڤـان دایـک بـە پێداگرییـەوە جەخـت لـەوە ئەکاتـەوە کـە: "ئـەم چـوار بنەمایـە تەنهـا لـە ململانێـی، هـاوکاری و دژایەتـی لەگـەڵ گرووپـە نەیارەکاندا بـەکار ناهێنرێـت، بەڵکـوو زیاتـر ئـەو کاتـەی بیـر لـە خۆمـان یـا کەسـی تـر ئەکەینـەوە، هۆشـیارانە یـان ناهۆشـیارانە ئـەم چـوار بنەمایـە، بیرکردنـەوە و هەسـت و هەڵسـوکوتمان بەڕێـوە ئەبـەن" (ڤاندایـک، ١٣٩٤: ٤٤). لـە ئاسـتی ئەزموونـی تاکەکەسـیدا، هەمـوو کەسـێک لـە رووی بنەمـای فیکـری و تەنانـەت بـاوەڕ و عەقیـدە و کولتووریشـەوە لـە چوارچێـوەی بەگرووپبوونـەوە، لەوانەیـە هـاوکات خـۆی لـە چەنـد گـرووپ و رێکخراوەیـی کۆمەڵایەتییـدا نزیـک ببینێـت. ئـەم توانـای گرووپبوونـە، یـان بـە دوای نکۆڵیکردنـە، یـان بـە دوای سـەلماندن، چونکـە ئـەم نکۆڵیکـردن و سـەلماندنە زیاتـر پێوەندیـی بـە "مـن" و "ئـەوان"ەوە هەیـە و لـە چـوار رێگـەوە بەجـێ ئەهێنرێـت و بەسـتە یـان چوارگۆشـەیەک پێکدەهێنێـت، کـە نـاسراوە بـە چوارگۆشـەی چەمکـی ئایدیۆلۆژیکیـی. سـەلماندنی چاکـەی خـۆ و خراپـەی ئـەوی دیـی و نکۆڵیکـردن لـە خراپـەی خـۆ و چاکـەی ئەویدیـی. جۆرێـک بـە خـۆدا هەڵگوتنـە بـۆ ناسـین و گەیشـتن بـە ئامانـج کـە لـە دیوانەکـەی مەولەوییـدا ئەبینرێـت.

ئەڵبـەت ئەگـەر بـۆ جەبـری هەبوونیـی ئایدیۆلۆژیـی لـە تیۆرییەکـەی (ڤـان دایـک)دا پاسـاو بهێنینـەوە، ئـەو بابەتـەی سـەرەوە شـتێکی زۆر ئاسـاییە. بـە بۆچوونـی ئـەو دەربڕینـە دەقی-زمانییـەکان و جەختەکانـی چوارگۆشـەی ئایدیۆلۆژیـک، بـۆ لابردنـی بەربەسـتەکانی لێکدانـەوە و گەیشـتن بـە گوتـارە، لەبەرئـەوەی نکۆڵیکـردن و سـەلماندنی "ئێمـە" و "ئـەوان"ی لەگەڵـە، هـۆکار و بکـەری خـۆی بـە شـێوەی جیـاواز پیشـان ئـەدات، تـا ئـەو ئاسـتەی، کـە هەمەچەشـنیی کەسـایەتیی و کـرداری گوتاریـی لـە شـێوازی لێکدانـەوەی رەخنەیـی گوتـار، ناتەبایـی ئایدیۆلۆژیکـی لـێ ئەبێتـەوە، چونکـە "کرداری ناتەبـا کـە رواڵەتـی بەربەرەکانـێ لەگـەڵ خـۆ یـان کەسـێکی تـر هەیـە، ئەتوانێـت رەنگـی ئایدیۆلۆژیکیـی لـێ بنیشـێت" (فـرکلاف، ١٣٧٩: ٤٧)، هـەر بۆیـە ئەکرێـت بڵێیـن بـە پێـی چوارگۆشـەی ڤاندایـک، مەولەویـی کـورد لـەم بـوارەدا هەوڵئـەدات شـەرعییەت بداتـە هەڵسـوکەوتی خـۆی و زۆرتریـن دووپاتبوونـەوەی ئـەم بابەتـە لـە دیوانـی مەولەوییـدا بیـنراوە.

## ئەنجام:

لە کۆتاییدا بەو ئەنجامە گەیشتین، کە:

١- بـە شـێوەیەکی گشـتیی تـەواوی ئاینـە ئاسـمانییەکان، یاسـا و رێسـاکانی بەڕێوەبردنـی دەسـەڵاتیان پشتئەسـتورە بـە وتەکانـی خـوای گـەورە و تەنهـا یاسـا شـەرعییەکان بنەمـای کـردارن، کـە لەلایـەن خـواوە بـۆ پێغەمبـەران هاتـوون، بـەڵام لـە رەوتـی مێـژوودا ئـەم بابەتـە رەگ و ریشـەی ئەگەڕێتـەوە بـۆ قوڵایـی سروشـتی مـرۆڤ و هەمیشـە لەلایـەن دەسـەڵاتدارانەوە خـراپ بـەکار هێـنراوە و هەوڵیـان داوە لـە رێگـەی خـواوە رەوایەتیـدان ببەخشـن بـەو خراپەکارییـە و خۆیانـی لـێ بێبـەری بکـەن. بەهەمـان شـێوە شـاعیرە عاریفەکانیـش بـۆ رەوایەتییـدان بـە وتەکانیـان و پەسـەندکردنی لەلایـەن گوێگـرەکان و بۆئـەوەی رەواجیـان هەبێـت لـە نـاو خەڵکـدا، زۆربـەی کات گەڕاونەتـەوە بـۆ وتە ئاسـمانییەکان، لـە کاتێکـدا ئەگـەر وتەکانیـان ئاڕاسـتەی ئـەو کەسـانە بکردایـە، پابەنـدن بـە شـەریعەتەوە، بـەڵام ئەگـەر وتەکانیـان ئاڕاسـتەی عاریـف و سـۆفیەکان بووایـە، زیاتـر پشتئەسـتوور بـوون بـە وتـەی پیاوچـاکان و شـوێنکەوتووی تەریقـەت و شـێخە گـەورەکان.

٢- لە ماوەی مێژووی ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤدا، ڕەوایەتییدان بنەماییترین و کۆنترین پرسی حکومڕانییەکان بووە، چەمکی "پەسەندکردنی گشتیی" بۆئەوەی بەکارهێنانی دەسەڵات لەلایەن تاکێک، یان ڕەوتێکەوە دروست و بە پێی حەق بێت. ئەم جۆرە بابەتانە، بە بنەڕەتیترین پێداویستی بۆ بەردەوامبوونی دەسەڵات لە قەڵەم ئەدرێت.

٣- مەولەویی لە دیوانەکەیدا سەرەڕای بانگهێشتی خوێنەران بەرەو ئەخلاق و خۆبەدوورگرتن لە قەدەغەکان، هەوڵی داوە چەمکە عیرفانییەکان پیشان بدات و لەم ڕێگەیەوە ئەیەوێت ڕەوایی بەم چەمک و بابەتانە ببەخشێت، کەوابوو دیوانی مەولەویی تاوەگۆزی سەرەڕای ئەوەی بەرهەمێکی ئەدەبییە، ئەتوانێت بەرهەمێکی کۆمەڵایەتیی، سیاسیی و ئایینیی بێت، کە پوختە و دەرهاوێشتەی بیروڕا باوەکانی سەردەمەکەیەتی و نوێنەرایەتی چەرخەکەی ئەکات٠

٤- لە شیعری مەولەویی تاوەگۆزییدا بۆ ڕەوایەتییدان بە هەندێک لە کردار و هەڵسوکەوت و کەسایەتییەکان سوود لە مێتۆدە جیاوازەکانی ڕەوایەتییدان وەرگیراوە. ناسراوترینیان ئاماژەدان بە ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانە، چونکە کاتێک وتەیەک تێکەڵاوی ئایەت و فەرموود ئەبێت، بەرهەڵستکارێک بەرانبەر بە خۆی نابینێت. ئەمە ڕێگەیەکە لە مێژەوە سۆفییەکان بەکاریدەهێنن. ئاماژەدان بە نەریت و عەقڵیش جۆرێکی ترە لە ڕێگاکانی ڕەوایەتییدان، لە ئەنجامدا بە پێداهەڵگوتن و ستایشکردنی کەسایەتییەکان و وتنەوەی سەرناو و تایبەتمەندییە ئەرێنییەکان و ڕەوایەتییدان بە هەڵسوکەوت و بیروڕاکانی خۆی، کە ئەمەش زیاتر لە دیوانی مەولەوییدا بەکار هاتووە.

## An Analysis of Legitimization in Mawlawi Tawagozi's Collection of Poems

**Mariwan Hussein farhan, Department of Kurdish language, college of Education, charmo university.**

**Mariwan Hussein Farhan, Department of the Kurdish Language, College of Education, Charmo University.**

## Abstract

Said Abdulraheem Mullah Sa'eed Ma'doomi Tawagozi one of the great Kurdish Arifs. Because of his outstanding talent for writing poetry, Mawlawi has been able to convey great meanings with a minimum of words. As this Arif is a follower of the Naqishbandi tariqa, he describes praises and mourns the death of its great people. He wants to create a reliable discourse; since if not trustworthy, a discourse will vanish and demolish. Hence, his discourse aims at achieving legitimacy so the .audience accepts and trusts it

This study tries to understand those dimensions and meanings of Mawlawi's collection that require

analyses of the relation between the text and its cultural and social context. The main goal of this method is to demonstrate how a given text, using persuasive language, can legitimize a discourse. It also shows how to legitimize their own words concerning the Qur'an, Hadith, mind, myth, etc. In the introduction, we shed light on legitimization and Mawlawi's viewpoint regarding this topic. In the theoretical part, we discuss theories of discourse analysis and the theory of legitimization, while the final part of the research is an analysis of Mawlawi's poems using the abovementioned theories. The conclusions of the research show that legitimization is mostly a result of referring to the Qur'an and the Hadiths of the prophet.

Keywords: Legitimization, Mawlawi Tawagozi, discourse analysis, The Qur'an, Hadith.

## تحليل الشرعية في قصائد ديوان مولوي التاوكوزي

**د. مريوان حسين فرحان, قسم اللغة الكردي, كلية التربية, جامعة جرموو, جمجمال, اقليم كردستان.**

الخلاصة:

يعد السيد عبدالرحيم ملا سعيد معدوم التاوكوزي أحد كبار العارفين الكورد, وذلك لموهبته المتميزة في كتابة الشعر, فقد استطاع ان ينقل معاني عظيمة بأقل عدد من الكلمات. وهو من أتباع الطريقة النقشبندية, ولهذه الطريقة اثر كبير في قصائده, فهو يصف ويمدح شيخه ويحزن على وفاته ويرثيه. يريد عن طريق قصائده أن يخلق خطابا موثوقا به, لأنه إذا لم يكن ذلك الخطاب جديرا بالثقة, فإن الخطاب سوف يتلاشى وينهدم, ومن هنا فإن خطابه يهدف إلى تحقيق الشرعية بحيث يقبلها الجمهور ويثق بها.

تحاول هذه الدراسة فهم ابعاد ومعاني قصائده في ديوانه الشعري (ديوان المولوي) التي تتطلب تحليلات العلاقة بين النص وسياقه الثقافي والاجتماعي. الهدف الرئيسي من هذه الدراسة هو توضيح كيف يمكن لنص معين, بإستخدام لغة مقنعة, إضفاء الشرعية على الخطاب, كما يوضح كيفية إضفاء الشرعية على كلماته الخاصة بالرجوع إلى القرآن الكريم والحديث النبوي والعقل والأسطورة وما إلى ذلك.

تسلط المقدمة الضوء على الشرعية ووجهة نظر الشاعر فيما يتعلق بهذا الموضوع. في الجزء النظري نناقش نظريات تحليل الخطاب ونظرية الشرعية, أما الجزء الثاني من الدراسة فهو تحليل لقصائده وذلك بإستخدام النظريات المذكورة أعلاه. تُظهر نتائج الدراسة أن الشرعية هي في الغالب نتيجة الرجوع إلى القرآن الكريم والحديث النبوي.

الكلمات المفتاحية: الشرعية, مولوي التاوكوزي, تحليل الخطاب, القرآن الكريم, الحديث النبوي.

## لیستی سەرچاوەکان:

- قورئانی پیرۆز
یەکەم: بەزمانی کوردیی:
کتێب:
_ مەولەوی، سید عبدالرحیم (١٣٩٣) هەتاوی، دیوان تصحیح عبدالکریم مدرس، تهران: احسان.
دووەم بەزمانی ئینگلیزی
کتێب:
.legitimation in Discourse and communication, Discours& society ,(٢٠٠٧)Van leeuwen, theo

دووەم: بەزمانی فارسی
کتێب:
- اسمیت، فیلیپ(١٣٩١)، درآمدی بر نظریه فرهنگی، ترجمه حسن پویان، تهران: دفتر پژوهش‌های فرهنگی.
- آقا گل زاده، فردوس(١٣٩٤) تحلیل گفتمان انتقادی- تکوین تحلیل گفتمان در زبان شناسی، تهران: علمی و فرهنگی.
- بیتهام، دیوید(١٣٨٢)، مشروعیت سازی قدرت، ترجمه: محمد عابدی‌اردکانی، دانشگاه یزد.
- جویدی، درویش(١٣٣٩)، احادیث قدسی، مترجم: جهانگیر ولدبیگی، سنندج: کردستان.
- جنکینز، ریچارد(١٣٩١)، هویت اجتماعی، تهران، پردیس دانش.
- فرکلاف، نورمن(١٣٧٩)، تحلیل گفتمان انتقادی، ترجمه گروه مترجمان، تهران: مرکز مطالعات و تحقیقات رسانه‌ها.
_ غزالی، محمد(١٣٣٩)، احیاء العلوم، ج١، تهران، توس.
- فیرحی، داود(١٣٩٢)،  قدرت، دانش و مشروعیت در اسلام (دوره میانه)، تهران: نی
- ون دایک، تئون. ای(١٣٩٤)، ایدئولوژی و گفتمان، ترجمه محسن نوبخت، تهران: سیاهرود.
-مارشال، جیمزدی(١٣٩٧)، پسا ساختگرایی فلسفه وتعلیم وتربیت، مترجم: اکبر سالحی، تهران، انتشارات رشد فرهنگی.
یورگنس ماریان و لوئیس فلیبس(١٣٨٩)، نضریه و روش در تحلیل گفتمان، ترجمه: هادی جلیلی، تهران، نی.
گۆڤار
- استوار، مجید(١٣٩٢)، «بوردیو و جامعه‌شناسی نمادها». فصلنامه تخصصی علوم سیاسی، شماره ٢٦.
- اکبری و همکاران(١٣٩٣)، «عناصر مشروعیت حاکمیت از دیدگاه اسلام»، مجله معرفت، سال بیست و سوم، شماره ٢٠٠.
- پیری، محمدرضا و محمد رضا کریمی والا(١٣٩٨)، «مشروعیت حاکمیت از دیدگاه فقه اهل سنت»، مجله گفتمان فقه حکومتی، سال سوم، شماره پنجم.

- حیاتی، زهرا و فاطمه عربزاده(١٣٩٩)، «بازخوانی باب اول بوستان سعدی با رویکرد مشروعیت بخشی در گفتمان حکومت»، مجله متن پژوهی ادبی، شماره ٨٣.
- ذوالفقاری، ابوالفضل و مژده پورمحمدی(١٣٩٦)،«بررسی تقابل دو رویکرد مشروعیت بخش و مشروعیت زدا»، مجله راهبرد فرهنگ، شماره ٣٩.
- ساداتی نژاد، سید مهدی، «تحول مفهوم مشروعیت در فقه سیاسی شیعه در ایران»، اندیشه نوین دینی، شماره ١٧.
- سبزيان موسي آبادي، عليرضا و سيد محمد حسيني(١٣٨٩)، «ملاك و معيار مشروعيت از ديدگاه اسلام» فصلنامه علمي – پژوهشي تحقيقات سياسي و بين المللي، دانشگاه آزاد اسلامي واحد شهرضا، شماره پنجم .
- فیوجی، محمد(١٣٨٢)، «مشروعیت و مقبولیت، تناقض یا تطابق»، مجله علوم سیاسی، شماره ١٧.
- مشیرزاده، حمیرا و حسین رجایی(١٣٩٨)، «مشروعیت به جنگ علیه تروریسم در گفتمان آمریکا» مجله سیاست، دوره ٤٩، شماره ٤.